هەرێمی کوردستانی عێراق
زانکۆی سلێمانی

# کوردی پزیشکی

# Medical Kurdish

دانانی
دکتۆر هیوا عمر احمد

بۆ خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی کۆلیژی پزیشکی و پزیشکی ددان

١٩٩٧

هەرێمی کوردستانی عێراق
زانکۆی سلێمانی

# کوردی پزیشکی

# Medical Kurdish

دانانی
دکتۆر هیوا عمر احمد

بۆ خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی کۆلیژی پزیشکی و پزیشکی ددان

١٩٩٣

# کوردی پزیشـــکی

نەتەوەی کورد وەکو هەموو نەتەوە زیندووەکانی تری سەر رووی ئەم زەمینە هەر لە سپێدەی مێژووەوە ، دەرەنجامی نالاندنی بە دەست دەردو نەخۆشی و برینداری یەوە سامانێکی دەولەمەندی پزیشکی میللی و کەلەپوری دەرمانسازی پێك هێناوە ، کە زۆر زاراوەی پزیشکی لە خۆی گرتووە .

دوژمنان هەردەم هەولی سڕینەوەی مۆرکەکانی نەتەوەکەمانیان داوە ، لە شێواندنی مێژوو و جوگرافیا و ئەدەب و زمان . هەمیشە وایان بە جیهان ناساندووین کە نەتەوەیەکی تەواو نین و بەلکو زمانەکەمان شێوە زمانێکی زمانی ئەو داگیرکەرانەیە .

رووبەڕوو و لە پاش ملە هەمیشە ئەو خەنجەرەمان لێ ئەدەن ، کە زمانی کوردی ، زمانی زانست و پێش کەوتن نی یە و زمانێکی مردووی ساوایە ، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ئێمە گرنگی بە زمانی زانستی و زمانی پزیشکی کوردی ئەدەین :

١ . زمانی کوردی سامانێکی فراوانی ( زاراوە – **Term** )ی پزیشکی تێدایە کە ئەبێ نەوەکانی ئەم سەردەمە فێری بین تا لە دەست فەوتان و کوێربوونەوە قوتار ببێت .

٢ . هەندێ لەم زاراوانە کوێربوونەتەوەو ماندووبوونی ئەوێت تا ئەدۆزرێتەوە ، دێتەوە کۆڕی بەکارهێنان و کەوتنەوە ناو ناوان .

٣ . کورد چەند بنەمایەکی کەمی نەتەوەیی بە نە شێواوی ماوە ، ئەویش زمان و هەستی ( کوردێتی ) یە ، لەبەر ئەوە پاراستن و ژیاندنەوەی زمان ؛ ئەرکێکی نەتەوەیی گرنگی سەرشانی شارازایانە .

٤ . زمان و بیرکردنەوە ، زۆر پێکەوە پەیوەستن و زانینی زمان وامان لێ ئەکات وەك کوردێك بیر بکەینەوەو یەکەکانی هەر زمانێك لە دەروو بە سامانی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤە خاوەن زمانە دائەنرێت .

٥ . ئەبێ پزیشکی کورد شانازی بە نەتەوەکەی و زمانەکەیەوە بکا ، بە فێربوونی زمانی پزیشکی کوردی ، ئەم شانازی یە بالادەست ئەبێ و لە گرێ ی خۆ بەکەم زانین – رزگار ئەبێ .

٦ . یەکێك لە کارە ئاییندەیی یەکانی پزیشك دووان و نوسینە بۆ خەلکی ، زانینی زمانی پزیشکی کوردی ئەم بەهرەیە فراوانتر ئەکات .

٧ . زمانی کوردی زمانێکی زیندووە و لە خێزانی زمانە هیندو ئەورووپی یەکانە کەئێستا هەریەکەیان زمانی وولاتێکی پێشکەوتوون و زمانە ئامۆزاکانی کوردی زمانی زانستە جیاجیاکانن .

زۆر زاراوەی پزیشکی هاوبەش هەیە لە نێوان ئینگلیزی و لاتینی و کوردیدا کە هەندێکی بە نموونە ئەهێنینەوە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| **Ped-** | پێ | **Spleen** | سپڵ |
| **Feces** | پیسایی | **Eye Brow** | برۆ |
| **Anus** | قن | **Chin** | چەنە |
| **Mamma** | مەمك | **Lip** | لێو |
| **Navel** | ناوك | **Leg** | لاق |
| **Nucleus** | ناوك | **Genu-** | ئەژنۆ |
| **-Rhoea** | ڕیان | **Rectum** | ڕێکە |
| **Den-t-** | دان | **Colic** | کۆلنج |
| **Huge** | حوج | **Ache** | ئێش |

جگە لەوەی چەندان ووشەی هاوبەشی ترهەیە ، کە ناپزیشکین وەك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| **Jakle** | چەقەل | **Jangal** | جەنگەل |
| **Right** | ڕاست | **Cat** | کتك |
| **Nine** | نـۆ | **Eight** | هەشت |
| **Three** | سێ | **Two** | دوو |
| **Part** | پارچە | **Albet** | ئەڵبەت |
| **Moon** | مانگ | **Month** | مانگ |
| **Name** | ناو – نام | **Honey** | هەنگوین |
| **Chewing** | جوین | **No** | نا |
| **Bad** | بەد | **Pan -** | پان |
| **Soon** | زوو | **Star** | ئەستێرە |
| **Plane** | پیلان | **Soft** | سفت وسوڵ |

زاراوه پزیشکی یـه کان له چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌که‌وه ، دێن ، تا بتوانین بلێین له گه‌ل ره‌وتی خێرای پزیشکی نوێ دا ئه‌ڕۆین :

١ . هه‌ندێ زاراوه ته‌نیا دۆزینه‌وه‌و تۆمار کردنی ئه‌وێ وه‌ك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| باژه‌لـه | Ascites | به‌رهه‌نگ | Asthma |
| په‌ریزاده | Goitre | گه‌ده | Stomach |
| که‌ورێ | Albinism | لێ چوونه‌وه | Menopause |
| له‌جێ بوون | Dislocation | به‌که‌م بێ نوێژی | Menarche |

٢ . هه‌ندێ زاراوه ته‌نیا ( وه‌سفی ) یه و باسی چۆنی یه‌تی باره ته‌ندروستی یان ناساغی یه که ئه‌کات . وه‌ك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| سنگه‌دره | Angina pectoris | پێپـان | Flat Foot |
| په‌لپـان | Acromegally | | |

٣ . هه‌ندێ ووشه‌ش پێویستێ به دواگه‌ران و دارشتنه‌وه‌ی پاشکۆ یان پێشکۆیه‌ك هه‌یه وه‌ك :

أ- ســۆ : itis : التهاب

ووشه‌ی ســۆ : له سووتان - سووتانه‌وه - وه‌رگیراوه و زۆر ئه‌شێ که چاوگی ووشه‌ی سووتان بێ . بۆ نموونه :

| | | |
|---|---|---|
| گه‌ده‌ســۆ | Gastritis | التهاب المعـــدة |
| پێستـه‌ســۆ | Dermatitis | التهاب جلدي |
| گونـه‌ســۆ | Orchitis | التهاب الخصية |

ب- گمـۆل : واته کوڕبوونه‌وه ، خڕبوونه‌وه و که‌له‌که‌بوون ، بۆ ئه‌و باره نادروستی یه به‌کاردێت ، که جۆره شانه‌یه‌ك خڕو که‌له‌که ئه‌بێ و گرێ یه‌ك دروست ئه‌کات و به‌رامبه‌ر : ( oma - ) و ( ورح الحميـد )ه وه‌ك :

- ده‌ماره گمۆل : Neuroma

واته ئه‌و گرێ یه‌ی له ئه‌نجامی خڕو گردبوونه‌وه و گرمۆله‌بوونی شانه‌ی ده‌ماری یه‌وه دروست ئه‌بێت .

- ریشـــاله گمۆل : Fibroma
- چه‌وری یه گمول : Lipoma

ج – بين : ناظـور : Scope

بۆ ئەو ئامێرانە بەکاردێت ، وا لە دکتۆرە کە ئەکات راستەوخۆ شوێنێکی ناو یان قوڵی لەشی پێ ببینێ وەك :

ناوسك بیـن ناظـور البريتون **Laparoscope**

گەدەبیـن ناظـور المعـدة **Gastroscope**

جومگەبیـن ناظـور المفصـل **Arthroscope**

د – بـڕ : بۆ ئەو زاراوە بەرامبەرانەی کە شتێ ناهێڵن و ئەیبڕن وەك

ئازاربـڕ : المسـكن : **Analgesia**

هـ – دژ : ضـد : **ant , anti**

وەك : دژە ژیانەر : **Antigen**

دژەژار : **Antitoxin**

دژە مەیین : **Anticoagulant**

٤ – هەندێ زاراوە ، تەنیا رێکخستنەوەی ئەوێت لە پێودانگی پزیشکی یەوە بۆ نموونە :

أ – بۆری میـز :

میزەڕۆ : الحالـب : **Ureter**

میزەجۆ : الاحليل : **Urethra**

ب – بۆری زەرداو :

بۆری هاوبەشی زەرداو : القناة الصفراوية المشتركة : **CBD**

بۆری زراو ( تورەکەی زراو ) : القناة كيس الصفراوي : **Cystic Duct**

أ – بۆری هـەوا :

بۆری هاوبەشی هەوا : **Trachea**

بۆری هـەوا : **Bronchus**

٥ – هـەندێ زاراوەش ئەبێ دابتراشێ چونکە ، دەرەنجامی تەکنولۆژیای نوێ یە و نە لە کەلەپوری هیچ نەتەوەیەك و نە لە کەلەپوری کوردی دا نەبووەو تازە هاتۆتە ناوەوە وەك :

نەواری دڵ : تخطيط القلب : **ECH**

نەواری مێشك : تخطيط الدماخ : **EEG**

ئێکس بەرداری : الاشـعـە : **X-ray**

توێ توێ نەخشاندن : **Tomography**

٦ – هەندێ زاراوەش لەبەر نەبوونی لە کوردی دا ناچار وەك لاتینی یان ئینگلیزی یەکەی داینەنێینەوە وەك :

– ئەمیبـــــــا : **Ameba**

– کۆنیشانەی داون : **Down Syndrom**

چەند پێشگر و پاشگرێك هەیە زانینی زۆر گرنگە ، تا بتوانین لە زاراوەکان تێ بگەین یان زاراوە دروست بکەین :

# PREXES پێش گــــرەکان

| | |
|---|---|
| A- | بێ ، بەبێ |
| Ab- | دوور لە |
| Abdo- <br> Abdomino- | سکی ( پەیوەندی بە سکەوە هەبێ ) |
| Acro- | پەلی ( پەیوەندی بە پەلەوە هەبێ ) |
| Ad- | بەرەو ( بەرەو رووی ) |
| Adino- | گلاندی ، رژێنەری |
| Aer- | هــەوا |
| Amb- <br> Ambi- | هەردووك ، یان لە هەردوولا |
| Amphi- | لە هەردوولا ، یان لە خولی |
| Amyl- | نیشاستە |
| An- | بەبێ |
| Ana- | بەرەو سەر |
| Andro- | نێرینە |
| Angi- | بۆری ( خوێن ) |
| Aniso- | نایەکسان |
| Ant,anti- | دژ |
| Ante, antero- | بەر ، لە پێش |
| Aorto- | شاخوێنبەر |
| App- | دوور لە |
| Arachn- | جالْجالۆکە |
| Arthro- | جومگە |
| Auto- | خۆیی ، خۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Bi- | دوو ، دووجار | Cholecysto- | تورەکەی زراو |
| Bili- | زەرداو | Choledocho- | بۆری هاوبەشی زراو |
| Bio- | ژیان | Chondro- | کرکراگە |
| Blenno- | چڵمی | Chrom- | رەنگ |
| Bleph- | پێڵو | Cine- | جوڵە ، فلیم |
| Brachio- | قۆڵ | Circum- | خول |
| Brachy- | کورت | Co- , Col- Com- , Con- | پێکەوە |
| Brady- | هێواش | Coli- | ریخۆڵە |
| Broncho- | بۆری هەوا | Colpo- | کیلەك |
| Calc- | تەباشیر | Contra- | دژ ، پێچەوانە |
| Carcin- | شێرپەنجە | Costo- | پەراسوو |
| Cardio- | دڵ | Cox- | سی بەندە |
| Carpo- | مەچەك | Crani- Cranio- | کەللەسەر |
| Cata- | بەرەوخوار | Cryo- | سارد |
| Cav- | بۆش | Crypt- | شاراوە |
| Centi- | لەسەدایەك | Cyan- | شین |
| Cephal- | سەر | Cysto- | میزەڵدان |
| Cerebro- | مێشك | Cyto- | خانە |
| Cervic- | مل | Dacryo- | فرمێسك |
| Cheil- | لێو | Dactyl- | پەنجە |
| Cheir- | دەست | De- | دوور لە |
| Chemo- | کیمیکی | Deca- | دە |
| Chlor- | سەوز | Deci- | لەدەدا یەك |
| Chol- | زەرداو | Demi- | نیوە |

# PREXES پێش گـــرەکان

| | |
|---|---|
| A- | بێ ، بەبێ |
| Ab- | دوور لە |
| Abdo- / Abdomino- | سکی ( پەیوەندی بە سکەوە هەبێ ) |
| Acro- | پەلی ( پەیوەندی بە پەلەوە هەبێ ) |
| Ad- | بەرەو ( بەرەو رووی ) |
| Adino- | گلاندی ، رژێنەری |
| Aer- | هـەوا |
| Amb- / Ambi- | هەردووك ، یان لە هەردوولا |
| Amphi- | لە هەردوولا ، یان لە خولی |
| Amyl- | نیشاستە |
| An- | بەبێ |
| Ana- | بەرەو سەر |
| Andro- | نێرینە |
| Angi- | بۆری ( خوێن ) |
| Aniso- | نایەکسان |
| Ant,anti- | دژ |
| Ante, antero- | بەر ، لە پێش |
| Aorto- | شاخوێنبەر |
| App- | دوور لە |
| Arachn- | جاڵجاڵۆکە |
| Arthro- | جومگە |
| Auto- | خۆیی ، خۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Bi- | دوو ، دووجار | Cholecysto- | تورەکەی زراو |
| Bili- | زەرداو | Choledocho- | بۆڕی هاوبەشی زراو |
| Bio- | ژیان | Chondro- | کڕکڕاگە |
| Blenno- | چڵمی | Chrom- | ڕەنگ |
| Bleph- | پێڵو | Cine- | جوڵە ، فلیم |
| Brachio- | قۆڵ | Circum- | خول |
| Brachy- | کورت | Co- , Col-<br>Com- , Con- | پێکەوە |
| Brady- | هێواش | Coli- | ڕیخۆڵە |
| Broncho- | بۆڕی هەوا | Colpo- | کیلەك |
| Calc- | تەباشیر | Contra- | دژ ، پێچەوانە |
| Carcin- | شێرپەنجە | Costo- | پەراسوو |
| Cardio- | دل | Cox- | سێ بەندە |
| Carpo- | مەچەك | Crani-<br>Cranio- | کەللەسەر |
| Cata- | بەرەوخوار | Cryo- | سارد |
| Cav- | بۆش | Crypt- | شاراوە |
| Centi- | لەسەدایەك | Cyan- | شین |
| Cephal- | سەر | Cysto- | میزەڵدان |
| Cerebro- | مێشك | Cyto- | خانە |
| Cervic- | مل | Dacryo- | فرمێسك |
| Cheil- | لێو | Dactyl- | پەنجە |
| Cheir- | دەست | De- | دوور لە |
| Chemo- | کیمیکی | Deca- | دە |
| Chlor- | سەوز | Deci- | لەدەدا یەك |
| Chol- | زەرداو | Demi- | نیوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **Dent-** | ددان | **Fibro-** | ریشاڵ |
| **Derma-** / **Dermat-** | پێست | **Flav-** | زەرد |
| **Dextro-** | بۆ راست | **Feto** | کۆرپە |
| **Dia-** | بەناو | **Fore-** | لەپێش ، لەبەر |
| **Dip-** | دووجار | **Gala-** | شیر |
| **Dis-** | دژ ، جیابوونەوە | **Gastro-** | گەدە |
| **Dorso-** | پشتەکی | **Genito-** | ئەندامی زاوزێ |
| **Dys-** | سەخت ، بە ئازار ، ناتاسایی ، شێوان | **Ger-** | پیر |
| **Ecto-** | دەرەکی ، بەبێ | **Glasso-** | زمان |
| **Electro-** | عەلەکترێك | **Glyco-** | شەکر |
| **Em-** | ناو | **Gnatho-** | کاکیلە |
| **En-** / **End-** / **Endo-** | ناو ، لەناو | **Gynae-** | مێینە |
| **Ent-** | لە ناو | **Haema-** / **Haemo-** | خوێن |
| **Entero-** | ریخۆڵە باریکە | **Hemi-** | نیو |
| **Epi-** | لەسەر ، لەدەر | **Hepa-** / **Hepatico-** / **Hepato-** | جگەر |
| **Ery-** | سور | **Hetero-** | ناچوون یەك |
| **Eu-** | باش ، ئاسایی | **Hexa-** | شەش |
| **Ex-** | دەر ، دەرەکی | **Histo-** | شانە |
| **Exo-** | دوور لە | **Homeo-** | وەك |
| **Extra-** | لەدەر ، زیادە | **Homo-** | هەمان ، چوون یەك |
| **Faci-** | دەموچاو ، روو | **Hypo-** | کەم ، لەژێر |
| **Ferri-** / **Ferro-** | ئاسن | **Hypno-** | خەو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Hystero- | منالدان | Lympho- | لیمف |
| Iatro- | پزیشك | Macru- | زل ، گەورە |
| Idio- | تایبەتە بەو کەسە | Mal- | بەد ، نائاسایی |
| Ileo- | ریخۆڵەباریکە | Mamm- Mast | مەمك |
| Ilio- | (کلۆت) ئێسکی سێ بەندە | Medi- | ناوەڕاست |
| Immuno- | بەرگری | Mega- | زل ، گەورە |
| In- | نەء ، ناو ، لەناو ، بۆناو | Melano- | تاریك ، ڕەنگ |
| Infra- | ژێر ، لە ژێر | Meso- | ناوەڕاست |
| Inter- | نێوان | Meta- | نێوان |
| Intra- | لەناو | Metro- | منالدان |
| Intro- | بۆ ناو ، بۆ ناوەوە | Micro- | بچوك |
| Ischio- | (سمت) ئێسکێکی سێ بەندە | Milli- | لە هەزارا یەك |
| Iso- | یەکسان | Mio | بچوکتر |
| Karyo- | ناوك | Mono- | تاك ، یەك |
| Kerato- | شاخ ، پێست ، پەرگلێنە | Muco- | چڵم |
| Kypho- | قەمبور ، کوڕ ، خڕ | Multi | چەندانە |
| Lact- | شیر | Myc- | کەڕوو |
| Laparo- | سك ، لاتەنیشت | Myelo- | پەتکە دەمار ، مۆخی ئێسك |
| Laryngo- | قوڕقوڕاگە | Myo- | ماسولکە |
| Lepto- | تەنك ، سفت | Narco- | بێ هۆشی |
| Leuco- Leuko- | سپی | Naso- | لووت |

| | |
|---|---|
| Necro- | مردوو |
| Neo- | نوێ |
| Nephro- | گورچیلە |
| Neuro- | دەمار |
| Noct- | شەو |
| Normo- | ئاسایی |
| Nucleo- | ناوك |
| Nyc- | شەو |
| Oculo- | چاو |
| Odonto- | دان |
| Oligo- | کەم |
| Onycho- | نینۆك |
| Oo- | هێلکە ، هێلکۆکە |
| Oophor- | هێلکە دان |
| Ophthalmo- | چاو |
| Opisth- | بەرەودوا |
| Orchido- | گون |
| Oro- | دەم |
| Ortho- | ڕاست |
| Os- | دەم ، ئێسك |
| Osteo- | ئێسك |
| Oto- | گوێ |
| Ova- | هێلکە |
| Ovari- | هێلکەدان |
| Pachy- | ئەستور |
| Paed- | منال |

| | |
|---|---|
| Pan- | هەموو |
| Para- | لە تەنیشت |
| Patho- | نەخۆشی |
| Ped- | منال ، پێ |
| Penta- <br> Pento- | پێنج |
| Per- | بەهۆی ، لەنێوان |
| Peri- | لە خول |
| Perineo- | ناوگەڵ |
| Pharma- | دەرمان |
| Pharyngo- | قورگ |
| Phlebo- | خوێنهێنەر |
| Phono- | دەنگ |
| Photo- | ڕووناکی |
| Phren- | مێشك ، ناوپەنچك |
| Physio- | شێوە ، سروشت |
| Pleuro- | پەردەی سی پۆش |
| Pluri- | چەندانە |
| Pneumo- | سی |
| Podo- | پێ |
| Polio- | خۆڵە مێشی |
| Poly- | زۆر ، چەندانە |
| Post- | پاش ، لەدوا |
| Pre- <br> Pro- | پێش لەبەر |
| Proct- | قن |
| Proto- | یەکەم |
| Pseudo- | گەندە |

| | |
|---|---|
| **Psycho-** | دەروون |
| **Pyelo-** | ئەستێلکی گورچیلە |
| **Pyo-** | کێم |
| **Pyr-** | تا |
| **Quadri-** | چوار |
| **Radi-** | تیشك |
| **Radio-** | تیشك دان |
| **Re-** | دووبارە |
| **Ren-** | گورچیلە |
| **Retro-** | لەژێر ، لەپشت |
| **Rhin-** | لووت |
| **Rut-** | سور |
| **Sacchar-** | شەکر |
| **Sacro-** | سمتەجۆلە |
| **Salpingo-** | بۆڕی هێلکە |
| **Sapro-** | بۆگەن ، مردوو |
| **Sarco-** | گۆشت ، نەرمە |
| **Sclero-** | ڕەق |
| **Sept-** | حەوت |
| **Sero-** | زەرداوی خوێن |
| **Socio-** | کۆمەڵایەتی |
| **Sphygm-** | ترپەی دل |
| **Spleno-** | سپل |
| **Spondy-** | بڕبڕە |
| **Steato-** | چەوری |
| **Sterno-** | کۆلەی سنگ |
| **Sub-** | لەژێر ، لەخوار |
| **Supra-** | لەسەر ، لەبان |
| **Syn-** | پێکەوە ، لەگەل |
| **Tachy-** | پەلە ، خێرا |
| **Tarso-** | لێواری پێڵو |
| **Tarso-** | پێ |
| **Teno-** | پەتکی ماسولکە |
| **Tetra-** | چوار |
| **Thermo-** | گەرمی |
| **Thoraco-** | سنگی |
| **Thrombo-** | خوێنی مەیيو |
| **Thyro-** | ملە قورتە گلاند |
| **Tibio-** | ئێسکی لوولاق |
| **Tox-** | ژەهر |
| **Tracheo-** | بۆڕی هاوبەشی هەوا |
| **Trans-** | بەناو ، پێ ی دا |
| **-tri-** | سێ |
| **Trich-** | موو |
| **Tropho-** | خواردەمەنی |
| **Ultra-** | ژوور ، لەسەر |
| **Uni-** | یەك |
| **Uretero-** | میزەڕۆ |
| **Urethro-** | میزەجۆ |
| **Uri-** | میز |
| **Uro-** | میز ، کۆئەندامی میز |
| **Utero-** | منالْدان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **Vaso-** | بۆری | **Xero** | ووشك |
| **Veno-** | خوێنهێنەر | **Xiphi , Xipho** | بەشی خوارەوەی کۆڵەی سنگ |
| **Vesico-** | میزەڵدان | **Zoo** | ئاژەڵ |
| **Xanth-** | زەرد | | |

# Suffixes پاشگرەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| -able | بە توانا ، نەتوانی کە | -facient | کردن |
| -aemia | خوێن | -form | شێوەی |
| -asthesia | هەستەوەری | -fuge | دەرهاوێشتن |
| -agra | ئۆرە ، ئازاری توند | -genesis<br>-genetic | سەرچاوە |
| -al | تایبەتە بە | -genic | خولقێنەر |
| -algia | ئازار | -gogne | دەردراوی زۆر ئەکات |
| -an | تایبەتە بە | -gram | دەرخستن |
| -ase | ئەنزایم ، شکێنەر | -graph | نەخشاندن ، تۆمار |
| -asis | دۆخی | -iasis- | دۆخی |
| -blast | دایکەخانە | -iatric | چارەسازی |
| -caval | (شاخوێنهێنەر)ی | -itis | - سۆ ، سووتانەوە |
| -cele | هەڵاوساو ، بەند | -kinesis<br>-kinetic | جولـە |
| -centesis | دەرزی ئاژن | -lith | بەرد |
| -cide | کوشتن ، کوژەر | -lithiasis | بوونی بەرد |
| -clysis | دەرزی لێدان ، کردنە ناو | -logy | زانی ، زانست |
| -coccus | خانەی خڕ | -lysis | تێك شکان |
| -cule | کـەم | -lytic | هەڵوەشاندن |
| -cyte | خانە | -malacia | نەرم بوونەوە |
| -derm | پێست | -megaly | زل بوون |
| -desis | پێکەوەلکان | -meter | پێوان |
| -dynia | ئازار | -morph | شێوە |
| -Ectasis | فراوان بوون | -ogen | چاوگ |
| -ectomy | برین ، لابردن | -odynia | ئـازار |

| | |
|---|---|
| -oid | لە – چوون |
| -ol | ئەلکهول |
| -ology | زانی ، زانست |
| -oma | گموّل |
| -opia | چاو |
| -opsy | سەیرکردن |
| -ose | شـەكـــر |
| -osis | نەخۆش ، دۆخ ، زۆری |
| -ostomy | كون تێ كردن ، كردنەوە : |
| -otomy | بڕیـــن |
| -ous | وەك ، لەو نەچێ |
| -pathy | نەخۆشی |
| -penia | کەمی |
| -pexy | جێگیر کردن |
| -phage | هەلّوشین ، قەپگرتن |
| -phagia | قووت دان |
| -phasia | ئاخاوتن |
| -philia | حەز لێ کردن |
| -phobia | ترس |
| -phylaxis | پاراستن |
| -plasty | نەشتەرگەری جوانکاری |
| -plegia | ئیفلیجی |
| -pnoea | هەناسەدان |
| -poiesis | دروست کردن |
| -ptosis | کەوتن ، داکەوتن |
| -rhage | پژان |
| -rhaphy | دوورینەوە |
| -rhoea | ریان/زۆربوونی دەرهاویشتن |
| -rhythmia | رەوت |
| -saccharide | گەردیلـــەی بنــــەرەتی کاربۆهیدرایت |
| -scope | بیـــن |
| -tome | نەشتەر ، بڕەر |
| -tomy | بـــڕیـــن |
| -trophy | خـۆراك دان |
| -uria | میـــز |

زانسـتە پزیشـکی یەکان :

# ١ – کۆرپـە لـە زانی Embryology

– ئەو زانستە پزیشکی یەیە کە لە چۆنی یەتی و قۆناغەکانی دروست بوون و پێگەیشتنی development کۆرپەلە Fetus ئەکۆڵێتەوە ، هەر لە پیتانی Fertilization هێلکۆکە Ova بە تۆو Sperm تا زاین ( لە دایك بوون ) Labor,Birth ، بۆ تێگەیشتنی ئەم دروست بوون و پێگەیشتنە ، ژیانی کۆرپەلە لە سکی دایکی دا – Prental fetal life – ئەکرێ بە (سێ مانگەیەوە) ، یەکەم سێ مانگ first trimester ، دووەم و سێ یەم . ژیانی کۆرپەلە لە یەکەم سێ مانگ دا ، پڕە لە چالاکی و وردەکاری ، هەر لەبەر ئەمەیە کە رووبەرووی ترسناکی و شێواوی زۆرتر ئەبێتەوە ، گەر دایکە کە ژەهرێ ، دەرمانێ ، یان نەخۆشی یەکی گرت ، ئەو شێواوی یانەی Malformations ی لەم یەکەم سێ مانگەدا دووچاری ئەبێ لە شێواوی گەورە Major و کوشندەکانە . .

گەر لە دوو هەفتەی یەکەم دا کە بە قۆناغی پێش ئەندام دروست بوون ئەناسرێ preorgano-genesis تووشی هۆکارێکی شێوێنەر Teratogenic factor بێت ، کۆرپەلەکە ئەکوژێ .

لە دووەم سێ مانگ دا ، ئەم هۆکارە شێوێنەرانە ، شێواندنی گچکە Minor و فرمان شێوی Functional یان لێ دێتە بەرهەم .

لە نیوەی دووەمی سێ هەم مانگ دا ، زۆربەی ئەندامەکان دروست بوون و کۆرپەلە گەیشتۆتە ئاستێك کە ئەم هۆکارە شێوێنەرانە کاری تێ ناکات .

قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلە :

رۆژی یەکەم : پیتاندن :

رۆژی دووەم : قۆناغی دووخانەیی

رۆژی سێ هەم : هێشووەخانە Morulla

رۆژی ١٦ : کۆرپەلە لە سێ چین پێك دێت Trilaminar

٢٩ : چەکەرەی باڵ ولاق دروست ئەبێ Arm & Leg buds

٣٠ : دەم و چاو دروست نەبێ developing face

سەرەتای هەفتەی شەشەم : کۆئەندامی دەماری چەقی Central Nervous System

ناوەڕاستی هەفتەی شەشەم : دڵ ، لێو heart, lip

کۆتایی هەفتەی حەوتەم : پەلی سەرەوە Upper Limb

سەرەتای هەفتەی هەشتەم : پەلی خوارەوە Lower Limb

ناوەڕاستی هەفتەی هەشتەم : چاو Eyes

کۆتایی هەفتەی هەشتەم : ددانەکان Teeth

سەرەتای هەفتەی نۆهەم : مەڵاشوو palate

کۆتایی هەفتەی نۆهەم : کۆئەندامی زاووزێ Genitalia

ئەتوانین فرەهەستیاری کۆرپەلە Sensitivity ، بۆ هۆکارە شێوێنەرەکان بەم هێڵکاری یە Curve دەربخەین :



# شـــیّواویه زگمـــاکی‌یه کـــان
# Congenital Malformations

لەسەدا ۲ ، ۳٪ ی هەموو ئەو ساوایانەی **Infant** - بە زیندوویی لە دایك ئەبن ، شێواوی‌یەکی زگماکی یان هەیە ، و لە کۆتایی ساڵی یەکەمی ژیان دا ، ئەم ڕێژەیە ئەبێ بە ٤ ، ٦٪ ، چونکە هەندێ شێواوی لەم تەمەنەدا خۆی دەرئەخات ، زۆر هۆکاری شێوێنەر هەیە وەك :

١- هۆکاری شوێنەواری : **Enviromental factors**

تا ساڵی ١٩٤٠ وا دائەنرا کە هەموو شێواوی‌یە زگماکی‌یەکان ، بۆماوەیین **heridatory** ، بەڵام زانا **Gregg** دەری خست کە ئەو دایکانەی تووشی سوریژەی ئەڵمانی **German Measles** ئەبن کۆرپەی شێواویان ئەبێ ، بەمە ئەم بۆچوونە گۆڕا ، و پاشتر زانا **Warkany** و هاوەڵەکانی سەلماندیان کە بەدخۆراکی **Malnutrition** لە مشکی تاوس دا ئەبێتە هۆی مشکۆکەی شێواو هەر ئەمە بووە هۆی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی زۆر هۆکاری شوێنەواری وەك :

أ- هۆکارە درمەکان : **Infectious agents**

وەك : سوریژەی ئەڵمانی و ڕوزیلا **Rubella** - کە هەر دووك نەخۆشی درمی ڤایرۆسین . لە یەکەم سێ مانگی سك پڕی دا ئەبنەهۆی :

ئاوی سپی : **Cataract** چاو بچوکی : **microphthalmia** کەڕی : **deafness** . . . . هتد

یان توکسۆپلازمۆسیس کە بە هۆی خۆرەی **Toxoplasma gondii** یەوە تووش ئەبێ ، ئەبێتە هۆی :

- کالسیۆم لە مێشکی ساواکەدا بنیشێ : **Calcification of Brain** ئاوبەندی سەر **Hydrocephalus** . . . . هتد

یان فەرەنگی : **Syphilis**

ئەبێتە هۆی کەڕی ، دواکەوتنی گەشەی مێشك

ریشاڵ ریشاڵ بوون **Fibrosis** - ی سی وجگەر **Lung , Liver** .

ب- تیشکی بەرداری : **Radiation**

| | | |
|---|---|---|
| ئەبێتە هۆی | - سەر بچوکی | **Microcephally** |
| | - کەم و کوڕی کەللەسەر | **Skull defects** |
| | - کەم و کوڕی بڕبڕە | **Spina bifida** |

- کوێری Blindness

- قاش بوونی مەڵاشـــوو Cleft palate

لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەو ژنانەی لە بۆردوومانە ئەتۆمی یەکەی هیرۆشیما و ناگازاکی دا سکیان هەبووە ، دەری خست کە :

٢٨٪ یان لەباریان چوو Aborton

٢٥٪ یان ساواکانیان لە یەکەم ساڵی ژیانیان دا مردن .

٢٥٪ ئەو منداڵانەی ژیان ، شێواوی مێشکیان هەبووە ؛ وەك سەر بچوکی و دواکەوتنی گەشەی مێشك .

ج- هۆکارە کیمیایی یەکان :

زۆر گرانە رۆڵی ئەم هۆکارانە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بە ووردی دیاری بکرێت :

١- زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بن وسەری Retrospective

٢- ژنی سك پڕ زۆر جۆر دەرمان بەکاردێنێ .

لە لێکۆڵینەوەیەك دا دەرکەوت ٩٠٠ جۆر دەرمان ، هەر ژنە و چوار دەرمانی بەکارهێناوە و تەنیا ٢٪یان هیچ دەرمانێکیان بەکارنەهێناوە بەڵام چەند شتێکی روون و ئاشکراش هەیە وەك :

- تالیدۆماید - کە دەرمانێکی دژە هێلنج Antinauseant و خەوێنەر Hypnotic ە ، لە ساڵی ١٩٦٢ دا لە ئەڵمانیا بووە هۆی سەرهەڵدانی بێ پەلی amelia و پەل کورتی meromelia .

- ئەمینۆپتێرین Aminopterin - دژە زیندە پاڵێکە antimetabolites کە ئەبێتە هـۆی شێواوی کۆئەندامی دەمار .

- دایەزیپام Diazepam ڤالیۆم ؛ ئەبێتە هۆی قلیشی لێو Cleft lip پێی ئەڵێن لێوی کەروێشك harelip .

- ستریپتۆمایسین : Streptomycin : کەڕی

- تیترەسایکلین : Tetracyclin : شێواوی ددان و ئێسك

- جگەرە خواردن : ساوای قەبارە بچووك .

- مەی خواردنەوە : شێواوی سەرودەم و چاو و مێشك .

د- هۆرمۆن : Hormones

* بروجیستین : کە بۆ (( لەبارنەچوون )) بەکارئەهات ، ئەبێتەهۆی گەورەبوونی قیتکە : Clitoris و نێرانـــدن Musculinization ی کۆئەندامی زاوزێی ساوای مێینە .

* ئیسترۆجین : كە بۆ ( ( لەبارنەچوون ) بەكارئەهات ؛ لە سالی (١٩٧١) ەوە قەدەغە كرا .
ساوا مێینەكان لە تەمەنی (١٦ – ٢٢) سالیدا زۆرتر توشی شێرپەنجەی زێی Vagina و ملی منالدان Cervix ئەبوون .

* كۆرتیزۆن : لە مشك دا ئەبێتە هۆی قلیشی مەلاشوو .

هـ – سك پڕی نەخۆشی شەكرە : Diabetes Mellites ئەبێتە هۆی :
مردنی كۆرپەلـە ، ساوای زۆر گەورە ، شێواوی دل و دەمار و ئێسكەپەیكەر Skeleton

و – بەدخۆراكی : لە ئاژەلی ئەزموونی دا ، شێوێنەرە .
لە مرۆڤ دا ، كەمی یـۆد Iodine ئەبێتە هۆی سستی ملەقورتەگلاند و پەریزادە .

٢ – هۆكاری بۆماوەیی :
شێواوی كرۆمۆسۆمەكان ؛ لە زۆربەیان دا كرۆمۆسۆمێك زیادە ، بە تایبەتی كرۆمۆسۆمی X – ئەبێتە هۆی شێواویەكان .
– زیادە كرۆمۆسۆمی ٢١ Trisomy – ئەبێتە هۆی مەنگولی Mongolism لەگەل تەمەندا ئەگۆڕێ لە ٢٥ سالی كەمتر ١/٢٠٠٠ لەسەرچل سالی ١/١٠٠ .
– زیادە كرۆمۆسۆمی ١٧–١٨ ( ٠,٣ / ١٠٠٠ كۆرپەیەك ) دواكەوتنی گەشەی مێشك ، شێواوی دل ، گون زل ، نوشتانەوەی پەنجەو دەست Flexion ، چەناگە كورتی micrognathia ، پەنجە لكان Syndactyly .
– زیاد كرۆمۆسۆمی ١٣ – ١٥ : دواكەوتنی گەشەی مێشك ، كەڕی ، قلیشی لێو و مەلاشوو ، شێواوی چاو . زوربەیان لە تەمەنی سێ مانگی دا ئەمرن .

## زانســـته پزیشـــکی یه کان :

## ٢- توێکاری‌زانی Anatomy

توێکاری زانی : ئەو زانستەیە ، بە توێ توێ کردن Dissection ، لە پێکهاتووەکانی Structures لەش ئەکۆڵێتەوە .

خوێندنی توێکاری ، وەك بنەمایەکی زانستە پزیشکی یەکان Medical basic sciences پزیشکی داهاتوو رائەهێنێ و فێر ئەکات ، کە :

١- کۆئەندام system و ئەندام organ و شانەکانی لەش tissue بناسن .

٢- ئەم کۆئەندام و ئەندامانە لە مرۆڤی زیندوو و مردوودا بناسنەوە و لە یەکتری جیا بکەنەوە .

٣- پەیوەندی پێکهاتووە جیاجیاکانی لەش پێکەوە فێر بن .

٤- قووڵی و ئاستی plain ی ئەندام و پێکهاتووە گرنگەکان بزانن .

٥- لەسەر رووی لەشەوە بتوانن ئاست و ئەندامە قوڵەکانی لەش دیاری بکەن .

٦- ئاستی برِبرِە vertebra و ئەندامەکان بزانن .

٧- خوێندکـــار تا ئەم ئەندام و پەیوەندی یە ئاسایی یانە نەزانێ ، لە نەخۆشی و نەخۆشی زانی و تێك چوونی پەیوەندی ئەندامەکان تێ ناگات .

٨- سەرجەم ئەم زانستە بنەمایەکی پتەوە ، کە خوێندکار فێربێ ، لەکاتی ئاسایی normal و نائاسایی دا abnormal ، پەی پێ بەرێ و بیهێنێتـەوە پێش چـاوی و فێربـێ کـە چـۆن مامەڵـە لەگەڵ ئەندامەکان بکا و بیان پشکنێ و لەکاتی پێویستی دا کە شتێ بۆ نەخۆشەکە ئەکات بە راسـت و دروسـتی بێ ئەوەی زیان بدات لە ئەندامێکی تر بۆی بکات .

٩- زانینی توێکاری لەش بۆ نەشتەرگەر زۆر گرنگە چونکە ، ئەویش لەش توێ توێ ئەکاتەوە تا ئەگاتە ئەو ئەندامەی نەشتەرگـەری بۆ ئەکات ، هـەر ئـەم زانسـتەیە فێـری ئـەکات چـۆن نەشـتەرگەری Surgery یەکی بێ وەی Safe بکات ، بێ ئەم زانستە ئەو پەندە دێتەدی کە ئەڵێ (( چووکلی بکات ، کوێری کرد )) .

هەندێ لە سوودەکانی بۆ پزیشك :

١- بۆ تێگەیشتنی نەخۆشی یەکان :

نموونە A : خێلی : Squiut

تا چونیەتی و چەندێتی و کاری دەمارە ماسولکەکانی چـــاو Extraoccular muscles نەزانی لە خێلی تێ ناگا و نازانێ چۆن چارەی بکات .

B : لە جێ چوون : Dislocation

تا بە تەواوەتی پەیوەندی ئێسکی ناو جومگەکان نەزانێ ، نازانێ لەجێ چوونی جومگە چۆنە و چۆن چـارەی بکات .

C : ئازاری گوێزراوە : Reffered Pain

تا توێکاری ماسولکە و دەمارەکان نەزانێ ، نازانێ بۆچی ئازاری جگەر ئەداتە شانی راست ، بـۆ ئازاری دڵ ئەداتە شان و قۆڵی چەپ .

تـا توێکـاری دەمار و ماسـولکەکانی ریخۆڵـە Intestine کـان نـەزانێ ، نـازانێ بۆچـی ئـازاری هـەموو ریخۆڵەبارێکە ئەداتە ناوك . بۆچی ئازاری ریخۆڵە کوێرە Appendicitis ، لە دەوری ناوکە و پاشـان لەگەڵ پەرەسـەندنی سووتانەوەکە Inflammation ، ئازارەکە ئەگوێزرێتـەوە بۆ بەشـی خـوارەوەی لای راسـتی سك R.I.F .

D : ئیفلیجی : paralysis و نیمچە ئیفلیجی ، یان شلی ماسولکە Paresis گەر توێکاری مێشك و چۆنیەتی دەماراندن innervationی ماسولکەکان musclesی دەم و چاو پەلەکان Limbs نەزانێ ، نازانێ چۆن ئیفلیجی و شلی ماسولکە دابەش ئەبێ و چ شوێنێ لە مێشك دا ئەشێوێ تا ئەو ئیفلیجی و شلی یە دەرئەبڕێ و دروست ئەکات .

٢ - بۆ فێربوونی پشکنینی نەخۆش و دەست نیشانکردنی :

أ - تا شتە ئاسایی یەکان نەزانێ ، شتی نائاسـایی بۆ جیاناکرێتـەوە ، وەك کلکی کۆڵەی سـنگ Xiphisternum ، کە لە سـەرەوەی سـك دا وەك شـتێکی رەق هەسـت پێ ئـەکرێ ، زۆر نـەخۆش بـە شـتێکی نائاسایی تێ ئەگەن ، گەر ئەم بزانێ ، بە شـتێکی نائاسایی دانانێ و نەخۆشەکەش دڵنیا ئەکاتەوە .

ب - تا نەزانێ گۆشـــەی لویس Angle of Lewis لە کوێ ی سـەر کۆڵـەی سـنگ sternum دایە ، و بەرامبەر پەراسوو - Rib -ی دووەمە ، نازانێ ئەم بەرزایی یە لەم کۆڵەی سـنگەدا چی یە و فێر نابێ کە لەسەر پێستەوە چۆن پەراســـووەکان بژمێـــرێ و بۆشـایی نێـوان پەراسـووەکان Intercostal ، بژمێرێ .

ج – تا نەزانێ بۆری ئوستاکی لووت و گوێ ی ناوەڕاست بە یەك ئەگەیەنێ ، چۆن ئەزانێ کە سووتانەوە و هەڵاوسانی رووپۆشی ناو لووت ئەبێتە هۆی کپی گوێ ، ئازار ، گوێ سۆ ، یان کە ئەوترێ دلۆپەیەك –ی بۆ بنووسە بیکاتە لووتی ، چۆن ئەزانێ ، چۆن کار ئەکا و چۆن لە نەخۆشە گوێ کپەکە بگەیەنێ ئەم دلۆپەی لووتە **nasal drops** بۆی بە سوودە و چاکی ئەکاتەوە ، نەخۆش بووە بە گلەیی یەو ووتوویەتی ( ( من گوێم کپ بووە ، فلان دکتۆر دلۆپەی بۆ لووت بۆ نووسیوم ) ) .

هـ – شکاوی و بڕینی دەمار و خوێنبەر .

نموونە لەم بارەیەوە زۆرە ، خۆتان پاشتر ، زۆری ئەبینن .

٣ – بۆ ڕێ ئاسان کردن بۆ چارەسەری نەخۆش :

نموونە : گەر نەزانێ شادەماری ران **Siatic N**

بە گوێ ی سمت و پشتی ران دا ئەڕوا و لە چ قوڵی یەکدایە ، چۆن بتوانێ دەرزی بە سمت **intramuscular** لێ بدات یان یەکێکی تر فێر بکات .



نموونە :

گەر دەماری خوێنبەر و خوێنهێنەر ، لەیەك جیا نەکاتەوە و شوێنەکانی بە باشی نەزانێ چۆن بتوانێ دەرزی دەمار **Intravenous** لێ بدات ، یان خەڵکی فێر بکات چۆنی لێ بدەن ، جگە لە خوێنبەر رەنگاندن – تلوین الشراین **Arteriography** ، لیمف رەنگاندن **Lymphogram** . . . هتد ، بکات یان لێ ی تێ بگات .

٤ – بۆ ڕێ ئاسان کردنی نەشتەرگەری :

أ – بۆ تێگەیشتن و دیاری کردنی برینداری یەکان :

نموونە :

**A** – گەر نەزانی سنگ و سك چۆن بەناو یەك دا چوون ، ئەندامی ناو سك (هەناو **visera** ) هەیە کە لە ژێر قەفەزەی سنگ **Thoracic cage** دا خۆی حەشار داوە ، چۆن بزانێ کە برینداری یەك (پیاکردنە برین **stab wound** ) یان گوللە و تەقەمەنی **Missile injury** ، لە نێوپەراسوی چوارەم بەرەو خوار ئەشێ جگەر ، سپڵ یان گەدە بتەقێنێ .

B – یان گەر نەزانێ کە سی پۆش pleura تا سووچەکانی خوارەوەی قەفەزەی سنگ دانەبەزێ و نەگاتە بنکی مل Base of neck ، چۆن بزانێ کە پیاکردنە برینێك یان برینی گولە bullet Injury لەم شوێنانەدا چۆن ئەم سی پۆشە بریندار نەکاو چۆن سی فش نەکاتەوە و چۆن نەبێتە هۆی هەوا تێ زانی سی پۆش : pneumothorax یان خوێن تێ زانی سی پۆش haemothorax .

C – گەر نەزانێ چۆن هەندێ خوێنبەر Artery یان دەمار Nerve زۆر نزیك لە ، یان بەسەر ئێسکەکان دا ئەڕۆن ، وەك دەرەکە دەمار – Radial Nerve ی قۆل لەسەر ئێسکی باسك arm – ئەڕوات ، گەر ئەم ئێسکە لە ناوەڕاستیا شکا ئەبێتە هۆی بریندار بوونی ئەم دەمارەو ئیفلیجی زۆر ماسولکەی راگری پەنجەو مەچەك wrist و نەخۆشەکە تووشی کەوتنی مەچەك ( مەچەك کەوتن wrist drop ) ئەبێ ، هەروەها خوێنبەری باڵ و نزیکی لە ئێسکی باسك humerous ەوە .

ب – بۆ دیاری کردنی شوێنی برینی نەشتەرگەری : Incision

بۆ نموونە بۆ برینی هەر نەشتەرگەری یەك لە سك دا چەند خاڵێك لەبەرچاو ئەگیرێ .

١ . دەرگایەکی باش بکاتەوە بۆ گەیشتنە شوێنەکە .

٢ . شوێن برینێکی ( پێستەزوونە – Scar ) یکی تەسك و نادیار بەجێ بهێڵێ ، تا شوێنەکە ، ئەو بەشەی لەشی مرۆڤەکە نەشێوێنێ .

٣ . شوێن برینەکە ، لە جێگەیەك دا هەڵبژێردرێ لەگەڵ چرچی پێست دا بێ – Skin Creases تا کەمتر دیار بێ و بە تەسکی بمێنێتەوە .

٤ . کەمترین زیان بە ماسولکەکانی دیواری سك بگەیەنێ ، ئەزانین کە ماسولکەکانی لاتەنیشتی سك بە پێچەوانەوەی ڕێکە ماسولکە لە لاوە ، ئەدەمارێنرێ و ئەم تۆڕە دەمارەی نی یەوهەر جیاکردنەوەیەکی ئەبێتە هۆی مردنی ئەو بەشەی لە برینەکەوە ناوەکی یە Medial یە .

٥ . لەبەرئەوە لە هێڵی ناوەندەوە Mid line ، بەرەو دەرەوە رائەکێشرێ تا جیانەکرێتەوەو هیچ بەشێکی نەمرێ .

* چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراو :

١ – برینی هێڵی ناوەند Mid line Incision

به ریشاڵە شانە Lina alba ی نێوان ڕێکە ماسولکەکانی دا ئەکرێ ، هیچ دەمارێکی تیا نابڕێت ، بۆری خوێنی گەورەمان نایەتەڕێ ، بە ئاسانی ئەکرێ و بە ئاسانی گەورە extended ئەکرێ و بە ئاسانی دائەخرێتەوە closed و دەرگا ئەخاتەسەر پشت بۆ هەموو لایەکی ناوسک ، بەمە بە باشترین برینی نەشتەرگەری کت وپڕی Urgent Surgery دائەنرێت .

٢- برینی تەنیشت هێڵی ناوەند . Paramedian I

یەك گرێ تا گرێ و نیوێك ( ٢,٥ سم - ٤ سم ) هاوتەریب بە هێڵی ناوەند ماسولکە پۆشی پێشەوە ئەکەینەوە ، ڕێکە ماسولکە لە هێڵی ناوەندەوە بەرەو دەرەوە ڕائەکێشین ، ماسولکەپۆشی پشتەوە لەگەڵ هەناو پۆش ئەکرێتەوە و ئەگەینە ناو سك .

٣- برینی ژێر پەراسوو Subcostal incision

پێی ئەوترێ ( Kocher ) . لە لای ڕاست بۆ نەشتەرگەری جگەر و بۆری زەرداو لە لای چەپ بۆ نەشتەرگەری سپڵ بەکاردێت .

پێست لە هێڵی ناوەندەوە هاوتەریب و یەك گرێ لە قەراغ پەراسوەکانەوە دەست پێ ئەکات بەرەودەر . ماسولکەپۆشی ڕێکە ماسولکە ئەکرێتەوە ، ڕێکە ماسولکە ئەبڕدرێت تا پشتەوە ئەکرێتەوە لەگەڵ هەناوپۆش دا ، پێشەوەی هەندێ بۆری خوێنی بچوك دێتەڕێ . کە ئەسوتێنرێ Cautery یان ئەبەسترێ Ligation . بەم شێوەیە ئەگەینە ناو سك .

٤- برینی تەلی هیلەك : ڕیخۆڵە کوێرە

لەلای ڕاست بۆ ڕیخۆڵە کوێرەو بەردی میزەڕۆ و گەندە کۆمی پانە ڕیخۆڵە caecum بەکاردێت لەلای چەپ بۆ بەردی میزەڕۆ و گەندە کۆم colostoms ی بەکاردێت .

ناوەڕاستی برینی پێست کە ( ٥سم ) ە ئەخرێتەسەر ئەو خاڵەی کە دوو سێ یەکی 2/3 ناوەوە و سێ یەکی دەرەوەی ئەو هێڵە پێك ئەگەیەنێ کە لە نێوان ناوك و درکی دەرەوەی سەرەوەی کلۆت ant sup iliac spiue بە یەك ئەگەیەنێ . ماسولکە بەند apponeuroses ی دەرەوە خوارەماسولکەی سك ئەکرێتەوە و پاشان ریشاڵەکانی ناوە خوارەوە ماسولکەی سك جیائەکرێتەوەو هەناوپۆش ئەکرێتەوەو ئەگەینە ناو سك .

ج - بۆ زانینی فێڵی نەشتەرگەریەکان :

نموونە (١) : گەرچی برین herniotomy و پینەکردن hernioplasty وچنینی قۆری herniorhaphy ، نەشتەرگەری یەکی ئاسانە بەڵام فێڵەکەی لەم خاڵانەدایە :

١ . ئاگاداری بۆری تۆو **Vas defference** بکرێت نەك بریندار بکرێت .

٢ . ئاگاداری خوێنبەری ران **Femoral art** و خوێنهێنەری ران **Femoral vein** بین لەگەڵ تەقەڵ دا بریندار نەبێ چونکە یەکسەر نەکەوێتە ژێر تەقەڵەکانمانەوە .

٣ . ئاگــاداری ئەوەبین کە لە کاتی چنینی قــوڕی دا ، شانەکان لێك نەجــەرێنین **Tension** ، تا دانەدرێن **tear** و نەبنە هۆی سەرهەڵدانەوەی **Recurrence** ی قوڕی یەکە - **hernia** .

نموونە ( ٢ ) : نەشتەرگەری پەریزادە ، گەرچی ئاسانە ، بەڵام فێڵەکانی لەوەدایە :

١ . برینی پێستەکە وا بکەین زۆر دیار نەبێت .

٢ . لەژێر ماسولکەی مل **Platysma** وە ، پێستەکە کەوڵ بکەین تا بە ئاسانی بگەینە شانەکانی ژێری ، بێ ئەوەی خوێنێکی زۆری لێ بڕوا . چونکە پێستە ماسولکەی مل ، کە بەشێکە لە پێست گەر لە پێست جیاکرایەوە زۆر سەختەو خوێنێکی هێجگار زۆری لێ ئەڕوات .

٣ . ئاگاداری وێڵە دەمار **vagus** و دەماری هەڵگەڕاوەی قوڕقوڕاگە **RL Nerve** بین دەنا نەخۆشەکە تووشی ( دەنگ کەوتن **hoarsness** ) ئەبێت گەر لە نەشتەرگەری یەکەدا بریندار بوو یان جەرێنرا .

٤ . ئاگاداری خوێنبەرەکانی تەنیشت ملەقۆرتەگلاند **Parathyroid gland** بین ، برینداری نەکەین دەنا نەخۆشەکە تووشی کەمی هۆرمۆنی **parathormon** ئەبێ و بەمە کالیسیۆمی خوێنی دائەبەزێ **hypocalcaemia** و تووشی کرژبوونی ماسولکەکان **Tetany** ئەبێ .

نموونە ( ٣ ) نەشتەرگەری لابردنی زراو : **Cholecystectomy** زۆر نەشتەرگەری یەکی ئاسانە بەڵام ئەم فێڵانەی - **Trics** - هەیە .

١ . هەڵبژاردنی برینی سك دڕینەکە - **Laparotomy** بۆ نموونە بە پێ ی گۆشەی ژێر پەراسووەکانی ، ئەتوانی کە تەنیشت هێڵی ناوەند یان برینی ژێر پەراسوو هەڵبژێری .

٢ . بە ئاشکرایی و روونی هەموو توێکاری ناوچەکە ببینی و جیای بکەیتەوە .

٣ . ئاگــاداربیت ئایا شێواوی یەکی زگماکی لەم بۆری و تورەکەی زراوەدا هەیە یان نەء بەو پێ یە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت .

٤ . هەندێ جار بۆری یەکی زراو هەیە راستەوخۆ لە جگەرەوە زەرداو ئەهێنێ بۆ تورەکەی زراو گــەر ئەم بۆری یــە نەبینی و نەیبەستی ئەوا وردە وردە زەرداوی لێ دێ و لەنــاو سك دا کۆئەبێتــەوە و مــاك **complication** ی ترسناك دروست ئەکات .

# نه شـــته رگه ری Surgery

ئه و لقه ی زانستی پزیشکی یه ، که نه خۆشی disease و کهم و کوری deformities و برینداری و زام به ته واوه تی یان به شێکی چاره سه ر نه کات ، به ده ست کاری کردن manual procedures یان به نه شته رکاری operation .

مه شق و خوێندن study بۆ فێربوونی نه شته رگه ری زۆر گرنگن ، زۆربه ی کاره کانی بـه پراکتیـك Practice ئه نجام ده درێ . ئه رك و به شی سه ره کی هه یه وه ك :

١ . نههێشـتنی ئـازار Analgesia وه ك چاره سـه ری ریخۆله کوێره appendicitis ، بـه ردی زراو Gall stone ، ئازاری دل cardiac pain ، ئازاری ماسولکه ی کهم خوێن Ischemic pain .

٢ . لابردنی Removal سـه رچاوه Source و چاوگی ترسناکی بۆ له ش ، چ جا ئه و ترسـناکی یـه ، سوتانه وه ، شێرپه نجه ، یان لاره شه بێ .

٣ . لابردنی گیراوی Obstraction به لابردنی به رد Lithotomy ، زیاده گۆشت Tumour ، یـان چه ق و په تك Bands و پێکه وه لکانی دوو بۆشایی anastamosis یان کردنه وه ی راره وی نوێ .

٤ . چاره سه ر و رێك کردنه وه ی Reconstruction شێواوی و کهم و کوری یه کانی له ش . چ جا زگماك congenital یان ده ستکه وت aquired بێ .

٥ . جوانکاری plastic Surgery ( زگماکی ، ته مه ن Aging ، سوتاوی Burn ، ده ستکه وتو )

٦ . گواستنه وه و چاندنی ئه ندامی له ش . Organ transplantation

٧ . بۆ چاره سه ری نه زۆکاندن ، له نێرومێ دا .

کۆمه ڵێك هۆ بوونه ته ئه وه ی که نه خۆش روو بکاته دکتۆر و نه خۆشخانه کان که بریتین له :

١ . ئازار

٢ . کهم و کوری له ش و لار .

٣ . شێواندنی فرمانی ئه ندامه کانی له ش

٤ . هه ڵئاوسان و لووی له ش

٥ . برینداری و زامداری

ئەرکەکـــان :

یەکەم : نەهێشتنی ئازار :

بۆ نموونە :

١- ئێشی گورچیلەو ژانی میزەرۆ : Renal pain & ureteric colic

کاتێك نەخۆشێك دێتەلای نەشتەرگەر ، ئێشی لاتەنیشت و ژانی لاپاڵ و سکی هەیە ، پاش پشکنین ، نەخۆشی یەکـەی ئەناسرێتەوە کە بەردێکی هەیە لە میزەڕۆدا : بۆری یەکەی گرتووە ، ئازاری کرژی لە میزەڕۆ و ئازاری ئاوساوی لە گورچیلە دا دروست کردووە . جا بە پێ ی قەبارەو تیرەی بەردەکە بڕیار ئەدرێت چی بۆ بکەین .

أ- گەر تیرەکەی لە ( ٥ ملم ) کەمتر بێ ئەوا پێ ی ئەوترێت لە ٩٥٪ یان دائەبەزن و ژمارەیەکی کەمیان نەشتەرکاری operation ئەوێت .

- ئامۆژگاری ئەکەین . . . . ڕۆژی ( ١٠ ) پەرداخ ئاو بخواتەوە .
- خۆی لە سەرما بپارێزێ .
- دیلانێ و زرمەزلێ بکات .

هەندێ دەرمانی ئەدەینێ دژە سوتانەوە ( دژە سۆ : NSAID ) کە ئەبێتە هۆی نە هێشتنێکی کاتی ئازارو ئێشەکە و فراوان بوونی بۆری میزەکە / کە ئەشێ بەردەکە بـڕازێ و بێتە بەشی خوارەوە بۆری میزو دەرچێت .

ب- گـەر تیرەکـەی لـە ( ٦ملـم ) پـتر بـێ ، ئـەوا زۆر کـەم ئەشـێ کە دابـەزێ ، جـا ئەگـەر وەسـتان nonfuncioning یان سستی گورچیلە Failure ی لەگەڵ دا بێ ئەوا بە زوویی نەشتەرکاری بۆ ئەکرێت . چینەکانی دیواری سك بە پێ ی شوێنی بەردەکە ، هەڵ ئـەدڕێ و ئەگەینە میزەڕۆ ، پاشـان میزەڕۆ ئەبڕین ، بەردەکە بە مەقاشێك دەرئەکەین و بۆری یەکە ئەدروینەوە ، ئیتر ئەخۆشەکە لە ئازارەکەو سستی گورچیلەکە رزگار ئەبێ .

٢- ئازاری ریخۆڵە کوێرە : Pain of appendicitis

پەلکە ریخۆڵە appendix بریتی یە لە پەلکە ریخۆڵەیەك ، لە لا بەرەلاکەیەوە ، کوێر بۆتەوەو گیراوە و لە لاکەی ترەوە بە پانە ریخۆڵە caecum ئەگات . ، گوریسی درێژە ماسولکەکانی لە بنکی پانە ریخۆڵەدا بەیەك دەگەن . ئەم پەلکە ریخۆڵەیە لە (٧ - ٣٠ ) سم درێژەو بۆشـایی یەکـەی نـاوی تـەنیا ( ٠,١ ملم ) ە . و لینجە رووپۆشەکەی بە بەردەوامی دەردراوی هەیە .

جا لەبەر هەر هۆیەك بێ ، ئەو سەرەی پەلكە ریخۆڵە كە بە پانە ریخۆڵەوە بەندە ، بگیرێت ، وەك بە ناوكە ئەماتە ، بامێ ، دەنكە ساوەر . . . . كرم ، هێلكەی كرم . . . ئەوا ئەو دەردراوەی لە لینجە رووپۆشەكەیەوە دەرئەچێت لە بۆشایی بەتەسكەكەی دا كەڵەكە ئەبێ وورده وورده پەلكە ریخۆڵە ئەئاوسێنێ تا ئەگاتە ئەو ئاستەی ئاوساوی و پەستانەكە ، خوێنبەرو خوێنهێنەری ناو دیواری ریخۆڵەكە ، ئەگرێ و دیواری پەلە ریخۆڵە بێ خوێن ئەبێ و ئەمرێ و ئەڕزێ .

پێش ئەوەی بگاتە ئەم ئاستە ، كە هەڵ ئەئاوسێ و خوێنی بۆ ناڕوات ، خۆرەكانی ناو بۆشاییەكەی هەلیان بۆ هەڵ ئەكەوێ كە پەلاماری دیوارەكەی بدەن و بیسووتێننەوە . . . ئەم سووتانەوەیەش ئازاری خۆی هەیە ، كە كۆتایی هەستە -ئازار- دەمارەكانی پەلە ریخۆڵە ئەهەژێنێ ، ئەم دەماری هەناویانە ئەچنە ئاستێكی مەلبەندی دەماری یەوە كە ، دەماری هەستی لە ناوكەوە بۆ دێت ، لەبەرئەوەی كە ناوك لە دەرەوەیە و ئەبینرێ و دەست و جل و بەرگی لێ ئەكەوێ ، مێشك باشتر لە بیری ئەبێ وەك لە پەلە ریخۆڵە كە لە هەناودایەو ئەو جوداگانەی ناوك -ی نی یە . . . . . بەمە مێشك ناتوانێ بە تەواوەتی شوێنی ئازارەكە دیاری بكات و چاوگی ئازارەكە بە ناوك ئەزانێ و هەر لەبەرئەمەیە كە ئازاری ریخۆڵە كوێرە لە سەرەتادا لە ناوك دا هەست پێ ئەكرێ و كاتێك ( پاش ٤-٦ كاتژمێر ) هەناوپۆشی دیواری **Pariatal peritonium** ئەسووتێتەوە ، ئازارەكە لە شوێنە راستەقینەكەی لە بەشی خوارەوەی لای راستی سك دا هەست پێ ئەكرێ .



٣- ئازاری پــوز : **Cludication**

دەرەنجامی تەسك بوونەوەی خوێنبەری ران و لاق ، كاتێك ماسولكەكانی ماندوو ئەكرێن بە چالاكی و رێ رۆیشتن ، ئەو خوێنەی ئەیان گاتێ بەشی ئەو چالاكی یە ناكات چ لە رووی هێندی ئەو ئۆكسجینەی تیایەتی ، چ لە رووی ئەوەی ئەو پاشـــماوەی چالاكی ماسولكانە دابشۆرن كە هەردوو ترشی **Lactic** و **Pyruvate** ن ، ئەم ترشانە كەڵەكە ئەبن و ئەبنە هۆی چالاك كردنەوەی مادەی ئازار **Pain facter** ئەمیش كۆتایی ئازارە دەمارەكان ئەهەژێنێ و ئازار لە ماسولكەكانی پوزدا دروست ئەكات . وورده وورده ئەو دووری یە كەم ئەبێتەوە ، كە ئەخۆشەكە ئەتوانێ بێ ئازاری پوز رێ بكات ، بۆ نموونە لە پێشەوە هەست ئەكات كە هەر سەد هەنگاوێك ئەبێت چەند خولەكێك بوەستێ دەنا ئازارێكی توند لە پوزدا ، ناهێڵێ بجوڵێ ، كە حەوایە وە ، رێژەی خوێنە كەم بووە كە بەشی داشۆرینی ئەو

پاشماوانە ئەکات و ئازارەکە نامێنێ ، بەڵام کە دەستی کردەوە بە ڕێ ڕۆیشتن ، هەمان کار دووبارە ئەبێتەوە و ئازارەکە دروست ئەبێتەوە .

بۆ ئەهێشتنی ئازاری ئەم بارە ، ئەبێ شوێنی تەسك بوونەوەکە دەست نیشان بکرێ و ئەوسا بە پێی هۆی تەسك بوونەوەکە ، چار ئەکرێت ئەویش یان کەڵەکەبووی چەوری یە لە دیوارەکەی دا یان سووتانەوەو تەسك بوونەوەی دیواری خوێنبەرەکەیە .

لەباری یەکەم دا ، پاش دەرخستنی خوێنبەرەکەو کردنەوەی چەوری یە کەڵەکەبووەکە پاك ئەکرێتەوە .

لەباری دووەم دا ، ئەبێ بە هۆی خوێنهێنەرەیەکی هەڵگەڕاوە وە ، پێش گیران و تەسك بوونەوەکە بگەیەنرێ بە پاش تەسك بوونەوەکە ، بەوە خوێنێکی نزیك ئاسایی بۆ دابین ئەکرێ ، ئازارەکە نامێنێ .

دووەم : لابردنی سەرچاوە = چاوگ = Sourceی ترسناکی ، بۆ لەش ، چ جا ئەو ترسناکی - Danger - یە ، سووتانەوە ، شێرپەنجە ، یان لارەشە بێ :

نموونەی سووتانەوە : Infection

ڕیخۆڵە کوێرە : گەر پاش سووتانەوەی پەلکە ڕیخۆڵە appendix ڕیخۆڵە کوێرەکە بە نەشتەرکاری لانەبرا ، چ مەترسی یەکی ئەبێ .

چینی دیوارە سووتاوەو هەڵئاوساوەکەی پەلکە ڕیخۆڵە ، یان کون ئەبێ و بەمە ئەتەقێ و کێم و خۆرەکان ئەچنە ناوهەناوپۆشەوە ، یان ( خۆرە و کێم ) ە کە بە دیوارەکەدا بلاوئەبنەوەو ئەگەنە بۆری یەکانی خوێن ، لە هەردوو بارەکەدا کە خۆرەزایە خوێن Bacteremia ، بە خێرایی بە لەش دا بلاوئەبێتەوەو گەشە ئەکاو جا گەر کێم ئەزایە خوێن ( ( Septicemia ) ) ، ئەوا خۆرەکە کێم لە خوێن دا دروست ئەکاو ، ئەم دووبارە ئەبنە هۆی

١ . فراوان بوون و ئیفلیجی ماسولکەی خوێنبەروچکە Arteriole ەکان ، و بەوە ئەکرێنەوەو خوێن لە پەلەکان دا پەنگ ئەخواتەوە .

٢ . کار لە کرژبوونی ماسولکەکانی دل ئەکەن ، سستی ئەکەن Myocardial depression ئەمەش ئەبێتە هۆی دابەزینی پەستانی خوێن Hypotension ، زۆربوونی لێدانی دل Tachycardia ئەمانەش کار لە ئەندامە زیندەیی Vital organ ەکانی لەش وەك دل و مێشك و گورچیلە ئەکەن و فرمانەکانی ئەشێوێنن ، بۆ نموونە ئەخۆشە زەردو ترساو ووشك و لەوانەیە وڕێنـــە بکات ، میزی خەست و کەم ئەبێتەوە ، چونکە گەر پەستانی خوێنی ناو خوێنبەرەکانی گورچیلە لە ٨٠ ملم جیوە نزمتر بووەوە ، ئەوا ئیتر خوێن پالاوتن Glumerular Filtration ئەوەستێ و پاشەڕۆك و پاشماوەی چالاکی شانەکانی لەش لە

خوێن دا کەڵەکە ئەبێ و کار لە شانە جیاجیاکانی لەش ئەکات . گرنگترینیان میزەژار - B.Urea . وردە وردە چەند کۆئەندامێکی سست ئەبێ و ئەمرێ .

نموونەی : شێرپەنجە ، شێرپەنجەی مەمك :

شۆرەسواری کوشندەی شێرپەنجەی خانمان ، هەر لە ١٦ خانم یەکێك تووشی ئەم شێرپەنجەیە ئەبێ لە ژیانیان دا .

شێرپەنجە لە یەك خانەوە دەست پێ ئەکات ، کە بە خێرایی ( ٢٠ - ١٠٠ ) رۆژ دابەش ئەبێ . تا مرۆڤ یان پزیشك هەستی پێ بکات ، ئەبێ سی جار دابەش بووبێ ، واتە ( بلوێنێك ) خانەی دروست کردبێ تا قەبارەکەی بکاتە ( یەك سم تیرە ) .

بەڵام بە داخەوە هەر لە دابەش بوونی ( ٢١ )ەوە خانە لە شێرپەنجەکەوە هەڵئەوەرێ و لە رێی خوێنهێنەرو لیمفەوە ئەگاتە شوێنەکانی تری لەش بە تایبەتی ( لیمفەگرێ ، جگەر ، بربرەی پشت ، مێشك ) لە دابەش بوونی ( ٢٧ )دا بە سەرکەوتوویی ئەم خانانە لەم شوێنانەدا ئەروێن و ئەکەونە گەشە . واتە پێش دەست نیشان کردن ، ئەم خانە تەشەنە Metastasis کردووانە ، لە گەشەدان ، هەر لەبەر ئەمەیە ، کە چارەسەری ئەم شێرپەنجەیە لە ریشە دەرهێنانی مەمك و گرێ کانی بن هەنگڵ Radical Mastectomy ەوە بوو بە لابردنی تەنیا شێرپەنجەکە لەگەڵ قەراغێ شانەی ئاسایی Lumbectomy چونکە دەرکەوت کە لەبەر ئەوەی نەخۆشی یەکە لە سەرەتاوە سەراپایی Systemic ە هەر چارەیەکی ناوچەیی بۆ شێرپەنجەکە بکرێت ، دەرەنجامەکەی وەك یەکە .

شێرپەنجەی مەمك یەکێکە لەو زۆر جۆر شێرپەنجانەی مەمك ئەوەی لە زیادە گۆشت Benign Tumor ی جیائەکاتەوە شێرپەنجە ، توانای بلاوبوونەوەو Invasion و تەشەنەکردنی هەیە بەڵام زیادە گۆشت نا . لەم بابەتەدا زۆر ووتووێژی ئازاد و پرسیار و وەڵام ئەکرێت کە خوێندکار لەم قۆناغەدا لێی بەرپرسیار نیە .

نمونەی لارەشە Gangrene

١- لارەشەی ووشك : Dry gangrene دەرەنجامی بێ خوێنی .

٢- لارەشەی تەڕ : بە هۆی سووتانەوە ، بە هۆی خۆرەی Clostridium لە جۆری دووەم دا وەك یەکەم نی یە هێڵی مردوو دیاری بکرێ و خۆی هەڵبوەرێ بەڵکو تەشەنە ئەکات و گەر فریای برینەوەی ئەو بەشە نەکەوین ، ژارو خۆرەکەی ئەرژێتە خوێن و مرۆڤەکە ئەکوژێ .

سێهەم : لابردنی گیراوی . . . . وەك گیرانی ریخۆڵە : I.O

١ . بۆشایی یەکەی Intraluminal بە هۆی کرم ، بەردی زراو . . . . . . . . هتد

٢ . دیوارەکەی ؛ بسوتێتەوە یان زیادە گۆشتی تیابێ .

٣ . لە دەرەوە ؛ بگیرێ وەك هەڵپێچانی لە چەق Band یان گیرانی ناو قۆڕی Hernia

چوارەم : چارەسەری نەزۆکاندن لە نێرومێ دا :

سك و زا Fertility ، پێویستی بە تۆو Sperm تۆواوێکی Semen تەندروست هەیە لەگەڵ هێلکەیەك دا یەك بگرێ و لە ناوەندێکی ئاسایی ناو منداڵدان - Uterous دا بچێنرێت . . . .

ئەشێ بە پێ ی توخم کۆمەڵە هۆیەك هەبێ کە بشێ بە نەشتەرگەری چارەسەر بکرێ بۆ ری گرتن و چارەسەری نەزۆکاندن .

لە مێ ینەدا :

١ - هەر سووتانەوەیەکی ئەسێڵك Pelvic Infection لە هەر هۆیەکەوە ئەبێتە پێکەوە لکان و قوپانی بۆری هێلکە ( Fallopian tube ) ، بلاوترین هۆی ئەم سوتانەوەیەش دواکەوتنی ناسینەوەی ریخۆڵە کوێرەیە لە مێ ینەداو دواکەوتنی چارەسەرێتی ، بۆیە ئەبێ لە مێ ینەدا زۆر بە گومان بین لە ریخۆڵە کوێرەو نەخۆشەکە هێندە نەهێڵینەوە کە ئەسێڵکی بسوتێتەوە و زوو نەشتەرگەری بۆ بکەین .

٢ - گیرانی بۆری یەکانی هێلکە ، پاش دەست نیشان کردن و منداڵدان نەخشی Hystrogram ، شوێنی گیران و تەسك بونەوە کە دەست نیشان ئەکرێ و فراوان ئەکرێ یان بەرئەدرێ .

٣ - شلی ملی منداڵدان Cervix . . . ئەمەش ئەتوانرێ بە هۆی نەشتەرکاری یەوە پاش سك پری توند بکرێتەوە ، تا دووگیان pegnant ە کە لە منال بون Labour نزیك ئەبێتەوە ئەو کاتە توند کردنەوەکە شل ئەکرێتەوە .

لە نێرینەدا :

خۆپاراستن ، یان رێگە گرتن :

١ - رۆشنبیری سێکسی ، بە خۆپاراستن لە نەخۆشی یە سێکسی یە کان .

٢ - دابەزاندنی گونی دانەبەزیو Undecended Testis ، زوو پێش تەمەنی هەشت ساڵی .

٣ - چارەسەری پەری بـر ، زوو پێش تەمەنی هەرزەکاری

٤ - بە گومانەوە لەهەر هەڵئاوسانێکی بە ئازاری گون بروانین کە مێرد منال و هەرزەکـــاری نەك هەڵێچرانی گون بێ .

چارەسەر :

١ . زوو چارەسەرکردنی بۆری یە گمۆل **Varicocele** ی گون ، کە بە تایبەتی تووشی گونی چەپ ئەبێ لەبەر ستوونی خوێن لە خوێنهێنەرەکانی دا .

٢ . دۆزینەوەی چارەسەری هەر گیرانێك لە تۆوەڕۆکان دا .